## بەیان عوسمان:

# حەز دەکەم لە کاری داهاتوودا، بەیان و وەنەوشە و شیرین نەبم



یەکێکە لە خانمە ئەکتەرە سەرکەوتووەکان کە لە درامای گەردەلوول لای جەماوەر بە (وەنەوشە) ناسرا و ئێستا ئەو نازناوەی هەر ماوە، ئەگەرچی سەرکەوتنی لە فیلمی (شیرین) و بەرجەستە کردنی رۆڵێکی تەواو جیاواز لە (وەنەوشە) زۆر سەرکەوتوو بوو، بەیان عوسمان بە ژمارە کاری زۆرە، بەڵام وەك خۆی دەڵێ گرنگ ئەوەیە ئەکتەر دوای هەر کارێك هەست بە کاریگەری ئەو کارە بکات لەسەر جەماوەر ئەو کاتە دەتوانی بڵێ کە کارەکەی سەرکەوتوو بووە، وەنەوشە لە دەرفەتێکدا بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

• ئەوەی تێبینی دەکرێت لە ساڵانی رابردوو زیاتر گرنگی بە کورتە فیلم دەدرێت و ساڵانە ژمارەیەکی زۆری کورتە فیلم لە هەموو شارەکانی کوردستان بەرهەم دەهێنرێن، بە ڕای تۆ ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟

- ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی باس لە هونەر بکەین، سەبارەت بە هونەر دەڵێم هەوڵ و تەقەڵلای زۆر دراوە و ئێمە کەسانی باش و تێگەیشتوو و شارەزامان هەیە لە بواری هونەری کوردی بە گشتی و لە بواری سینەما بەتایبەتی، ئێمە خاوەن دەرهێنەری لێهاتوو و شارەزاین، ئەکتەرانمان زۆر بە توانان (لێرە مەبەستم خۆم وەك ئەکتەر)، توانایەکی شاراوەی زۆریان هەیە کە پێویستیان بە کەسانێك هەیە بیانجووڵێنن ئەمە بەشێوەیەکی گشتی، بەڵام ئەگەر بێین باسی کورتە فیلم بکەین و بزانین بۆچی لە فیلمی درێژ زیاترە؟ لەبەرئەوەی کورتە فیلم ئاسانترە بۆیە دەبینین زۆر دەرهێنەر هەیە سەرەتا حەز لە کورتە فیلم دەکات یان پێیوایە ئەگەر بیەوێ کارەکەی سەرکەوتوو بێت، هەروەها لەوانەیە جۆرێك لە ترسی لەلا هەبێت، لەلایەکی دیکەوە هەر فیلمێك چەند مەرجێکی هەیە بۆ سەرکەوتن رەنگە لە کورتە فیلمدا نەبێت، لەگەڵ رێزم بۆ هەموو لایەك، بەڵام بە داخەوە هەندێك هەڵە هەیە لە تەکنیك و زۆر بواری دیکە، ئەمانە و چەند هۆکاری دیکە هەیە کە وا لە دەرهێنەر دەکات خەتی سوور بۆ خۆی دابنێت و نەچێتە نێو فیلمی درێژەوە، سەرەڕای ئەمەش کاری زۆر کراوە، بەڵام کارەکان لێرە ئاسان نین و بە زەحمەت بەڕێوە دەچن ئەمەش وای لە دەرهێنەران کردووە زۆر

خۆیان لەم کارە قورسە نەدەن.

● ئایـــا مەرجە دەرهێنەر بە کورتە فیلم دەســـت پێبکات ئینجا بچێتە سەر فیلمی درێژ؟

- نەخێر بە هیچ شێوەیەك ئەم مەرجە نییە، بەڵکو ئەمە وەستاوەتە ســـەر توانای دەرهێنـــەر و چەند بڕوای بە خـــۆی هەیە و چۆن دەتوانێت ســـیناریۆکە دیاری بکات و ئەکتەر و ســـتافی فیلمەکە چۆن هەڵدەبژێرێت و بە ســـیناریۆی باش و ئەکتەرو ستافی کاری بـــە توانا و لێهاتوو دەتوانێت کارێکی باش و ســـەرکەوتوو ئەنجام بدات، ئەگەر بە کورتە فیلمیش دەستی پێ نەکردبێت.

● تۆ لە درامـــای گەردەلوول لەلایەن جەماوەرەوە ناســـرایت و توانای خۆت وەك ئەکتەرێك بەدەرخست ئەگەرچی زیاتر لایەنێکی مرۆڤایەتی بەســـەریدا زاڵ بوو، لە فیلمی (شیرین) ئەو ستایلەی پێشـــووت تێپەڕاند، ئایا چ جیاوازییەکت لە نێوان (وەنەوشـــە) و (شیرین) بەدی کرد ؟

- زۆر جـــار بینـــەران باس لـــەوە دەکەن کە ڕەنگـــە لە ڕێگای (وەنەوشە)ەوە ناوبانگێکی زۆرم پەیدا کردبێت، ئەمە بۆ یەك خاڵ دەگەڕێنمـــەوە کە بەلای منـــەوە زۆر زۆر گرنگە ئەویش ئەوەیە مـــن وا بیردەکەمەوە پێویســـتە ئەکتەر کـــەم دەرکەوێت، بەڵام کە دەرکەوت بتوانێت دڵی بینەرەکەی رازی بکات، درامای گەردەلول یـــەك ئەزموونی من بوو، کە دەرکەوتم و کاراکتەری (وەنەوشـــە)م تێـــدا بینی، کاریگەرییەکی ئەوتۆم لای جەماوەر بەجێهێشـــت کە ئەگەر هیچ نەبێت بە وەنەوشـــە بانگـــم بکەن زیاتر لەوەی بە بەیان بانگم بکەن، هەســـتم کرد کە پێویستە جارێ لێرە بوەستم و هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوەیەکی خۆم بکەمەوە، هەر بۆیەش زۆر لەو کارانەی پێشکەشـــم کراون ڕەتم کردۆتەوە، ئەمەش ناگەڕێتەوە بـــۆ ئەوەی کە من لە خۆبایی بـــم، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە من حەز دەکـــەم کەم دەرکەوم و کە دەریشـــکەوتم بە کارێکی ئەوتۆ بێت کە کاریگەری لای جەماوەر بەجێ بهێڵێت، سەبارەت بە (شیرین)یش دەڵێم: ئەمە بۆ من قوتابخانەیەك بوو لە سینەما، هەروەها بەڕای منەوە کاك حەســـەن عەلیی دەرهێنەری فیلمەکە ئەویش بۆخۆی قوتابخانەیەکـــە و فیلمەکەش بۆ مـــن قوتابخانەیەك بوو کە تێیدا بتوانـــم ئەو بەهرە و توانایەی لە بواری نواندندا هەمە دەری بخەم، چونکە من نەمدەزانی توانای من چەندە و زۆر شـــتی شـــاراوەم هەبوو نەمدەتوانی دەری بخەم کاك حەســـەن ئەو توانایانەی منی بە دەرخست و وایکرد کە سنوورێکی بۆ تواناکانم نەهێشتەوە، لێرەوە زۆر سوپاسی دەکەم، چونکە بە ڕاستی دەرهێنەرەکە وا دەکات ئەو توانا و وزە شاراوەی ئەکتەر هەیەتی و دەرفەتی نییە یان ناتوانێت دەریـــان بخات، ئەو وا دەکات ئەکتەر هەموو تواناکانی بخاتە گەڕ بـــۆ کارەکە و هەرچی شاراوەشـــە وا لە ئەکتـــەر دەکات ئیتر بە شاراوەیی نەمێنێت و دەری بخات.

ئەکتەر بە تەنیا ناتوانێت خۆی بجووڵێنێت، پێویستە ئەکتەرێکی باش و شارەزای لە پشتەوە بێت کە ئەمەش زۆر گرنگە بۆ هەردوو لا ئەکتـــەر و دەرهێنەر، من یەکێکم لەو ئەکتەرانەی کە هەســـتم دەکرد تواناکانم زۆر زیاترن لەوەی کە هەیە، بەڵام نەمدەزانی چۆن ئەو توانایە بخەمە گەڕ و بەکاری بهێنم لە کارەکانمدا.

● تۆ ئەکتەرێکی ئافرەتی واتە لە یەك کاتدا دوو ئەرکت لەسەر شانە، یەکیان ئەوەیە لە کاری ئەکتەریدا ئەرکەکەت سەرکەوتووانە ئەنجام بدەیت، دووەمیشیان پێویســـتە پەیامی ئەوە بگەیەنیت کە ئافرەتیت، ئایا لە نێوان ســـەرکەوتنی کاری ئەکتەری و گەیاندنی پەیامی مێیەتیدا سەرکەوتوو بوویت؟

- هەرچەنـــدە خۆم زۆر مانـــدوو کردووە و هەوڵێکی زۆریشـــم داوە، بەڵام ناتوانم بڵێم ســـەد لە سەد سەرکەوتوو بووم و پێم باشە جەماوەر را و بڕیاری خۆی لەم بوارە بدات و هەڵســـەنگاندنێك بۆ گشـــت کارەکانم بکات، بەڵام وەك گوتم تا ئەو پەڕی هەوڵی خۆم خستۆتە گەڕ و بە جددی کارم کردووە بۆ سەرکەوتنی کارەکانم و گەیاندنی ئەو پەیامەی دەکەوێتە ئەســـتۆی من، بۆیە دووبارەی دەکەمەوە ســـەرکەوتن و گەیاندنی پەیامەکە بـــە تەواوی و وەك ئەوەی پێویستە، من ناتوانم بڕیاری لەسەر بدەم.

● ئەگـــەر تۆ بینەر بیت، پێتوایـــە ئافرەتانی ئەکتەر توانیویانە کێشـــەی ئافرەت لە هونەر بەگشـــتی و لە ســـینەما بەتایبەتی بەرجەستە بکەن و وەکو خۆی بیگەیەنن؟

- بێگومان هەوڵی زۆر دراوە نەك تەنیا لەلایەن ئافرەت بەڵکو لە زۆر بەرنامەدا پیاوانیش باس لەو کێشـــەیە دەکەن، بەرنامەی زۆر ڕێکخـــراوە و تەوەر ســـازکراوە و چەندین فیلمیش بەرهەم هاتووە و تەنانەت فیســـتیڤاڵێکی تایبەت هەیە بۆ ئەم مەبەستە کە ساڵانە ئەنجام دەدرێت، ئەمەش جێگای خۆشحاڵییە و بووەتە هۆی ئەوەی کە خەڵـــك تا ڕادەیەك وشـــیار بێت و بیر لە چارەســـەر کردنی کێشـــەکانی ئافرەتـــان بکەنەوە، هەروەها مایەی خۆشـــحاڵییە بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردوودا ئێستا دەبینین ئافرەت لە هەموو بوارەکاندا پێشکەوتووە و شان بە شانی پیاو بەردەوامە لە هەوڵەکانی خـــۆی و پەرە بە بەهـــرە و تواناکانیـــان دراوە و لەلایەن پیاوانەوە بەچاوێکی زۆر بەرزەوە دەنرخێنرێن و ڕێزیان لێدەگیرێت، بێگومان ئەمـــەش هەموو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەوڵ و تەقەلایانەی کە لەم بوارەدا دراون، بەڵام ســـەرەڕای ئەمـــەش ناتوانین بڵێین ئافرەت کێشـــەی نەماوە لە کوردســـتان، چونکە لە هەموو کۆمەڵگاکاندا تەنانەت ئەوانەی زۆر پێشکەوتووشن، کێشەی ئافرەت هەیە.

● تۆ لە بەیانەوە بووی بە وەنەوشە، ئایا توانیوتە لە قالبی وەنەوشە دەرچیت و ئەو قۆناغە تێپەڕێنیت و دووبارە ببیەوە بە بەیان، یاخود ئێستاش هەر زیاتر بە وەنەوشە ناسراویت؟

- وەنەوشە بۆ من نازناوێکە، هەر ئەکتەرێك ئەگەر بە کارێك دەرکەوت و توانیی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و شتێك لای جەماوەر جێ بهێڵێت، بێ گومان بەو کاراکتەرە دەناســـرێت و بانگ دەکرێت، وەنەوشە نازناوێکی جوان و باش بوو لە کاتی خۆیدا، بەڵام من هەوڵم داوە کە جیاواز بم، تەنانەت لە فیلمی (شـــیرین) کاك حەســـەن هەوڵی دا ســـتایلێکی تایبەتم بۆ بدۆزێتەوە کە بە هیچ شێوەیەك لە وەنەوشە نەچێت بەجۆرێـــك کە خەڵك بینیان بڵێـــن ئەمە (بەیان)ە و (وەنەوشـــە) یان (شـــیرین)ە، بۆیە حەز دەکەم لە کاری داهاتوومدا تایپی ئەو کەســـایەتییە وەربگرم کە بەرجەستەی دەکەم واتە هیچ یەك لە (بەیان و نەوشـــە و شـــیرین) نەبێـــت، پێموایە ئەمـــەش ئەرکی ئەکتـــەری سەرکەوتووە کە نابێ لە یەك قالبدا بمێنێتەوە.



## جاستین بە هێلکە لە دراوسێکانی دەدات

وا دیارە گرفت و کێشەکانی ئەستێرەی لاوی کەنەدی جاستین بیبەر کۆتاییان نایەت و هەر کە لە گرفتێك رزگاری بوو لە ناکاو تووشی گرفتێکی دیکە دەبێت ئەمەش کاریگەرییەکی دەروونی زۆری لەسەر کاروانی هونەری دەبێت و لە هەمان کاتدا دەبێتە بابەتێك بۆ هەواڵی میدیا جیهانییەکان بەتایبەتی ئەوانەی بەدوای زانینی کەتن و رەفتارە ناشیرین و ڤێزەونی ئەستێرەکانن و دەیانەوێ بە هەر شێوەیەك بە سلبی ناوی ئەستێرەکان ببەن و جەماوەر و خوێنەری خۆیان لەسەر حیسابی ئەستێرەکان زیاد بکەن. تا ئێستاش کێشەکانی جاستین و سیلینا گۆمیز تەواو نەبوون و بەردەوام لە میدیاکان باسیان لێوە دەکرێت، کەچی جاستین گرفتێکی دیکەی تووش بووە لەگەڵ دراوسێکان لە ناوچەی کالا ساس لە کالیفۆرنیا، یەکێك لە دراوسێکانی لە دادگا سکاڵای لێی کرد و بە تێگرتنی هێلکە لە ماڵەکەی تۆمەت باری کردووە، بۆ ئەم مەبەستەش پۆلیسی ناوچەکە بانگی کرد بۆ لێپێچنەوە. دراوسێی جاستین لە سکاڵاکەیدا دەڵێ: گوێم لێ بوو شتێك بەر پەنجەرەی ژوورەکەم کەوت بۆیە چوومە بەلەکۆنە بۆ ئەوەی بزانم کێیە ئەم کارەی کردووە و بینیم جاستین خەریکە هێلکە لە دەرگای سەرەکی ماڵم دەدات، من زۆر داوام لێکرد واز لەو کارە بهێنێت، بەڵام ئەو بەردەوام بوو لە م کارەی ، بۆیە منش ناچار بووم تەلەفۆن بۆ پۆلیس بکەم، هەر سەبارەت بەم کێشەیە سەرچاوەیەکی پۆلیس رایگەیاند کە لێکۆڵینەوەی دەستپێکردووە دژی بیبر بە تۆمەتی تێکدانی موڵکی خەڵك و رەنگە سزاکەی قەرەبوو کردنەوە بێت بە بڕی ٤٠٠ دۆلار بەمەش دەبێتە کە یسی کەتن.





## ساندرا ٤ خەڵاتی بە دەست هێنا

ئەستێرەی سینەمایی ئەمریکی ساندرا پۆلۆك توانی لە خولی چلەمینی خەڵاتەکانی (هەڵبژاردنی جەماوەر) کە لە ئەمریکا ساز دەکرێت چوار خەڵاتی جەماوەر بەدەست بهێنێت.

ساندرا لە ئاستی هونەرمەندانی خاوەن زۆرترین جەماوەرەو توانی خەڵاتی ئەکتەری ویستراو لە بواری دراما و کۆمیدیا باشترین ئەکتەری سینەمایی گشتی وخەڵاتی باشترین فیلمی کۆمیدی بە دیدی جەماوەر لەگەڵ میلیسا مەکارسی و باشترین ئەکتەری دووانە لەگەڵ جۆرج کلۆنی لە فیلمی (گرافیتی) کە یەکێك بوو لە فیلمە سەرکەوتووەکانی ساڵی ٢٠١٣ و هەر لەم پێشبڕکێیەدا فیلمەکە خەڵاتی فیلمی درامی ویستراوی بە دەستهێنا کە ئەویشیان پشت بە دەنگدانی جەماوەر دەبەستێت. دوای وەرگرتنی خەڵاتەکان ساندرای تەمەن ٤٩ ساڵ لەسەر تەختی شانۆی نۆکیا لە لۆس ئەنجلۆس بە پێکەنینەوە وتی: پێدەچێت من چەند شەوێك دانیشتبم و تەنیا دەنگم بە خۆم دابێت بۆیە ئەو هەموو خەڵاتەم بە دەست هێناوە، چونکە من خۆیشم چاوەڕێی ئەوەم نەدەکرد بتوانم ئەو هەموو خەڵاتە بە یەك جار بەدەست بهێنم و ئەو هەموو ئەستێرە سینەماییە جیهانیانە لەگەڵ من لە رکابەرێتیدا بن، بۆیە من زۆر خۆشحاڵم و زۆریش خۆم بە بەختەوەر دەزانم.

# شەزا: کازم ساهر گرێی دەروونی هەیە

لە لێدوانێکدا کچە گۆرانیبێژی عێراقی شەزا حەسون رایگەیاند کە ئەو دان بە هەموو ئەو نازناوانە دانانێت و بە هیچ شێوەیەك گرنگییان پێنادات وەك (مانگی گۆرانی) یان (بۆنی گۆرانی عەرەبی)و چەندین نازناوی دیکە، بەڵام زۆر شانازی بە نازناوی برنسیسە دەکات کە جەماوەر خۆی ئەم نازناوەی بۆ هەڵبژاردووە.

شەزا حەسون لە درێژەی لێدوانەکەیدا سەبارەت بە هونەرمەندە عێراقییەکان وتی: لە عێراق هونەرمەندی زۆر بە توانا هەن کە شایستەی رێز و تەقدیرن، من زۆر سەرسامم بە دەنگی ماجد ئەلموهەندیس و زۆر حەز لە و هەستەی ماجید دەکەم کە گۆرانییەکانی پێ هەڵدەبژێرێت و پێموایە هەستێکی تایبەتە و کاتێکیش لەگەڵ ماجید بەیەکەوە دەبین لە ئاهەنگ و فیستیڤاڵەکاندا هەست بە شانازی و خۆشییەکی زۆر دەکەم، چونکە ئەستێرەیەکی خۆشەویستە وئەو هونەرمەندە عێراقییەیە کە لە ئاهەنگەکاندا پێویستە بوونی هەبێت. سەبارەت بە کازم ساهیریش شەزا دەڵێ: پێموایە کازم تووشی گرێیەکی دەروونی بووەتەوە کە وای لێدەکات یارمەتی کەس نەدات، من کازمم زۆر زۆر خۆشدەوێ، عێراقییەکانواناسراون کە دەگەنە ئاستێکی بەرز و ناوبانگێکی زۆر بە دەست دەهێنن هەوڵ دەدەن یارمەتی دەورووبەری خۆیان بدەن، بەڵام کازم تووشی گرێیەك بووە یارمەتی کەس نادات لە ترسی ئەوەی شوێنی لەق بکەن.





# هاسوای لە خنکان رزگاری بوو

پێدەچێت ئەو سەرکەوتن و نازناوانەی کە ئان هاسوای ئەستێرەی سینەمایی ئەمریکی بەم دواییە لە کارە سینەماییەکانیدا بەدەستی هێناون نەبنە هۆی ئەوەی خۆشی و شادی بۆ بهێنن و چاو و زار لێی دا بێت، چونکە بەر لە ماوەیەك لە کاتی مەلە کردن خەریك بوو بخنکێت ئەگەر لە دوا ساتەکاندا هاوکاریی خوا و هاوسەرەکەی رزگاری نەکردبا.

ئان کە بە یاوەری هاوسەرەکەی لە کەنارەکانی ئۆهایا لە هاوای خەریکی مەولەوانی بوون و وێنەگرانی باباراتزی لە بۆسەدا بوون بۆیان بۆ گرتنی چەند وێنەیەکی نوێ لەو ساتانەی کە لەگەڵ هاوسەرەکەی بەشێوەیەکی وروژێنەر بینران، بەڵام ماوەیەك هاوسەرەکەی لێی دوورکەوتەوە شەپۆلێکی بەهێزی دەریا هات و رایکێشا بۆ ناو قوڵایی دەریا و خەریك بوو بخنکێت و دەستی بە هاوار کردن و داوا کردنی یارمەتی کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی هاوسەرەکەی دوور بوو ئاگای لە دەنگی نەبوو، تا یەکێك لە پیاوانی فریاگوزاری گوێی لە دەنگی بوو، زۆر بە خێرایی چووە ناو دەریا و توانیی رزگاری بکات و دوای ئەوەی هێنایە دەرەوە، شۆلمانی هاوسەری فریاگوزاری خێرا و پێویستی بۆ ئەنجامدا و هەوڵیدا سەرەتا بە هۆش خۆی بهێنێتەوە، دوای ماوەیەك ئان کە تووشی شۆك هاتبوو بە هۆش خۆی هاتەوە و لەگەڵ هاوسەرەکەی زۆر سوپاس و ستایشی پیاوە فریاگوزارەکە و تیمەکەیان کرد کە لە وێ بوون و توانییان لە مردن رزگاری بکەن.

**تالیا یان ماریمار وەك ئەوەی لە رۆژهەڵات ناسراوە، ماوەی چەند ساڵێكە بە ئەستێرەی پۆپی ئەمریكی ناسراوە و ناوبانگی لە سەرانسەری جیهاندا بڵاوبۆتەوە، تا وای لێهاتووە ئێستا جەماوەرەكەی بە سەدان ملیۆن كەس مەزندە دەكرێت .**

**تالیا لە ١٩٧٢/٨/٢٦ لەدایكبووە و بچووكترین خوشكەكانییەتی (لاورا، ئەرنیستا، گابریێلا، فریدریكا) خێزانەكەیان لە پێنج خوشك و دكتۆر ئەرنیستۆ سۆدی باوكی و یۆلاندا میریندای دایكی پێكهاتبوو، تەمەنی تالیا ٥ ساڵ بوو كاتێك باوكی كۆچی كرد ئەم رووداوەش كاریگەرییەكی دەروونی زۆر سلبی لەسەر تالیا هەبوو و بۆ ماوەی یەك ساڵ بێ دەنگ بوو، تەنانەت لەگەڵ دایك و خوشكەكانیشی قسەی نەكرد بۆیە دایكی ناچار بوو بیباتە لای چەند پزیشكێكی دەروونی، دوای ئاسایی بوونەوەی بارودۆخی دەروونی تالیا دەستی بە خوێندن كرد تا سەرەتا لە قوتابخانەی فەرەنسی لە مەكسیك خوێندی و لە ئەكادیمیای رۆزسلانج كۆتایی بە خوێندن هێنا.**

# تالیا
# خەونی بە پاڵەوانی جمناستیكەوە دەبینی نەك گۆرانی و سینەما

سەرەتا هیوا و ئاواتەكانی تالیا ئەوە بوون كە ببێتە پاڵەوانێكی یاریی جومباز هەر بۆیەش پەیوەندیی بە قوتابخانەی ( دی نیلی هاپی ) یەوە كرد،بەڵام ئەو كات لاورای خوشكی كە لە بواری شانۆ كاری دەكرد لەگەڵ خۆی دەیبرد بۆ بیننی چەند نمایشێكی شانۆیی ئەمەش كاریگەرییەكی زۆری لەسەر تالیا هەبوو و خەونی بەوەوە دەبینی كە لە بواری گۆرانی و شانۆدا سەركەوتن بەدەست بهێنێت، ئەمەش وایكرد كە لە تەمەنی هەشت ساڵیدا فێری ژەنینی پیانۆ ببێت و هەموو هیوا و ئاواتی تالیا ئەوە بوو رۆژێك لە رۆژان ببێتە ئەستێرەیەكی بەناوبانگی جیهان.

بەر لە مردنی باوكی لە تەمەنی ٤ ساڵیدا بۆ یەكەم جار لە بەرنامەیەكی تەلەفزیۆنی منداڵاندا دەركەوت، هەر ئەو كات زۆر كەس پێشبینی پاشەڕۆژێكی پڕشنگداریان بۆ دەكرد، دوای دوو ساڵ لە تەمەنی ٦ ساڵیداو دوای رزگاربوونی لەو بارودۆخە دەروونییەی تووشی هاتبوو بە هۆی مردنی باوكییەوە، پەیوەندی بە تیپێكی مۆسیقا و گۆرانی منداڵانەوە بە ناوی (Din Din) ەوە كرد، ئەو كات تیپەكە چوار ئەلبوومی تایبەتی منداڵانیان بڵاو كردەوە، لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا لە قوتابخانەی (Tara Parra) بەردەوام بوو لەسەر مەشقی هونەری و لەسەر دەستی مامۆستا فلۆرینس ریگس وانەی خوێند كە وانەی بە زۆر لە هونەرمەندی ناودارەكانی جیهان داوە وەك مایكڵ جاكسۆن و مادۆنا و چەندانی دیكە، لە ساڵی ١٩٨٣ بەشداریی لە درامای ( چیكۆلادس) دا كرد ودوای ئەوەی پەیوەندیی بە شانۆوەكرد، رۆڵی پاڵەوانی لە شانۆگەری ( ڤاسیلینا) كە رۆڵێكی كۆمیدی بوو، بینی .

ئەو شڵەژانەی كە لە ساڵی ١٩٨٦ گۆرانی و مۆسیقای مەكسیكی تێیكەوت، دەرگای ناوبانگ و سەركەوتنی بۆ تالیا والا كرد و لەگەڵ تیپە مۆسیقییەكەی كە بە( تیمبریكا) ناسراوە تا ساڵی ١٩٩٠ لە لوتكەدا بوون، بەڵام دواتر چەند ناكۆكییەك كەوتە نێو ئەندامانی ئەو تیپە و بووە هۆی ئەوەی بە یەكجاری نەمێنێ و ئەندامەكانی هەریەكەو لە شوێنێك گیرسایەوە، بەڵام تالیا بەوە رازی نەبوو و بڕیاری دا خۆی بە تەنیا بەردەوام بێت و خەونەكانی خۆی بەدەستی خۆی بەدەست بێنێت و یەكەم ئەلبوومی تایبەتیی خۆی بەناوی ( تالیا ) بڵاو كردەوە بەمەش رێرەوێكی تایبەتی بۆ خۆی دیاریكرد و خۆی لە گۆرانی بە كۆمەڵ و سلبیاتەكانی رزگار كرد.

لە كاتی نواندندا تەنیا گوێڕایەڵی خواست و فەرمانەكانی وێنەگر و دەرهێنەر نەدەبوو، بەڵكو بەتەواوی دەچووە نێو ئەوكەسایەتییەی بەرجەستەی دەكات و بە شێوەیەكی زۆر نزیك لە راستەقینە دەچووە نێو ئەو واقیعەی كە لە ڕۆڵەكەدا دەیبینی، بۆیەش لە زنجیرەكاندا زوو دەچووە نێو دڵی جەماوەر و كاریگەریی بە تەواوی بەسەرییەوە دیاربوو،تالیا بۆ یەكەم جار توانیی زنجیرەی ( رۆمان) لە ئاستی ناوخۆی مەكسیك بۆ دەرەوەی بگوازێتەوە و بیكات بە یەكێك لەو هونەرانەی كە جەماوەرێكی بێ شوماری لە سەرانسەری جیهان هەبێت، نەخاسمە لەو وڵاتانەی كە هونەرەكەیان زۆر پێشكەوتووە و لە وڵاتەكانی دیكەش كە ئاستی هونەریان زۆر بەرز نەبوو وایكرد بە هۆی ئەم زنجیرەیەوە بگەنە قۆناغی رەخنەگرتن، بە نواندنی ڕۆڵی كچە پلیت فرۆشەكە لە ماریمار مەرسیدس و ئەو كچە بێ كەسوكارەی لەگەڵ داپیرە و باپیرەی دەژیا لەسەر كەناری دەریا لە ( ماریمار) تالیا توانی سەرنجی ملیۆنەها كەس لە هەردوو كیشوەری ئەمریكا و رۆژهەڵات و رۆژئاوای ئاسیا بۆ خۆی رابكێشێت و ناوبانگێكی جیهانی بۆ خۆی پەیدا بكات تا وای لێهات بەم دواییە زنجیرەكانی بە سیانەكەی ماریا ناسراون لەسەرتاسەری جیهان ئەمەش پاڵپشتێكی دیكە بوو بۆ سەركەوتنەكانی لە بواری گۆرانیی گوتن، تالیا هەر بەوەش نەوستاوە بەڵكو بەم دواییە كتێبێكی تایبەت بە منداڵانی بڵاوكردۆتەوە.



